# هەندێك لەو ئاداب و ڕەوشتانەی کە پێویستە حاجیانی ماڵی خودا پێش ئەوەی بکەونە ڕێ لەوڵاتی خۆیان ڕەچاوی بکەن

﴿ بعض الآداب للحاج قبل سفره ﴾

[ كردي – كوردی – kurdish ]

سومەیە عبد الله

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ بعض الآداب للحاج قبل سفره ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# هەندێك لەو ئاداب و ڕەوشتانەی كە پێویستە

# حاجیانی ماڵی خودا پێش ئەوەی بكەونە ڕێ

# لەوڵاتی خۆیان ڕەچاوی بكەن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرودی نەپراوەش بۆسەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێن كەوتوانی هەتا هەتایە.

سەرەتا ئەو كەسانەی كە پەروەردگار لوطفی لەگەڵ كردوون و یارمەتی داون كە ناویان لە تیروپشكدا دەرچووە، پێویستە لەبەرامبەر ئەو نیعمەتە گەورەیەدا كە شادیان ئەكات بەدیداری ماڵە پیرۆزەكەی خۆی زۆر سوپاس وشوكری ئەو زاتە پیرۆزە بكەن، چونكە كەسانێكی زۆر هەیە چەند ساڵێكە ناوی خۆیان تۆمار ئەكەن كەچی ناویان دەرناچێت وكەسانێكیش هەن هەر بەو ئاواتەوە چوونەتە ژێر گڵ وسەریان ناوەتەوە، داواكارین لەخوای گەورە كە نیەتی ئەو كارە خێرەشی بۆ ئەوان نووسی بێت .....

ئەگەر هەركاتێك مرۆڤی موسڵمان وباوەڕدار نیەتی ئەوەی هێنا وبڕیاری دا كە حەجی ماڵی خوای گەورە بكات، ئەوە پێویستە چەند ئاداب و كارێكی گرنگ هەیە ئەنجامیان بدات لەوانە :

**یەكەم :** تەوبەیەكی ڕاست ودروست بكات، كە بە تەوبەی نەصوح ناسراوە، ئەمەش بە نەصوح دانانرێت هەتاوەكو مەرجەكانی تەوبەی تێدا نەیەتەدی كە بریتی یە لە : وازهێنان و دووركەوتنەوە لەو گوناهـ و تاوانەی كە تەوبەی لێ دەكات، لەگەڵ پەشیمانی دەربڕین لێیان، پاشان عەزم وبەكلایی بوونەوە لەوەی كە جارێكی تر نەگەڕێیتەوە سەر ئەو تاوانانە، خۆ ئەگەر زوڵمێك یان ستەمێكت لەكەسێك كردبێت ئەوە پێویستە هەوڵ بدەیت كە هەق ومافەكانیان بۆ بگێڕیتەوە، یان گەردنی خۆتیانی پێ ئازاد بكەیت، ئەمەش بۆ ئەوەیە نەوەك لەو سەفەرەدا ئەجەلت هاتبێت و جارێكی تر ئەو كەسانە نەبینیتەوە، بۆ ئەوەش تۆ هەر لەماڵەكەی خۆتەوە نێوانت لەگەڵ

پەروەردگاردا خۆش کردبێت، بە ئومێدی ئەوەی إن شاء الله ئەم کارە پیرۆزەت لێ وەربگرێت ....

**دووەم :** خۆ یەکلایی کردنەوە و ( اخلاص ) بۆ خوای گەورە، بەومانایەی کە مەبەستت تەنها لە ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزەدا ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، و هیچ مەبەستێکی تری لە پشتەوە نەبێت، وەك ئەوەی خوانەخواستە مەبەستت لە ئەنجامدانی ئەم حەجەت سومعە و شوهرەت و ڕیا و ڕوپامایی بێت بۆ خەڵکی، چونکە کارێکی لەم شێوەیە خوای گەورە پێویستی پێی نیە، ئەوەش بزانە هەموو کارێك لای خوای گەورە بەو مەرجە وەردەگیرێت کە تەنها بۆ ئەو بێت و بەپێی سونەتی پێغەمبەرەکەیشی بێت ( صلى الله عليه وسلم ) هەموو کارێکیش لای پەروەردگار بەپێی نیەتی خاوەنەکەیەتی وەك پێشەوای ئازیزمان فەرموویەتی : ( إنما الأعمال بالنيات .... ) { رواه البخاري ومسلم }، خوای گەورەش فەرموویەتی : (مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ (١٥) أُولَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٦) ) { هود : ١٥ – ١٦ } واتە : هەر کەسێك تەنها ژیانی دنیاو ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێت. ئەوە پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە لە دنیادا، ئەوانیش تێیدا هیچیان لێکەم ناکرێتەوە (١٥) ئا ئەوانە ئەوانەن لە ڕۆژی دوایدا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان بۆ نیە و ئەوەی کە کردیان لە دنیادا پووچەڵ بوەتەوە و بێ نرخە، هەروەها ئەو کاروکردەوەی کە دەیانکرد بەتاڵ و پووچ و بۆشە.

**سێهەم :** هەوڵ بدات ڕەزامەندی دایك وباوکی ئەگەر لە ژیاندا مابن بەدەست بهێنێت و هەرچۆنیەکی کردوە ڕازیان بکات و داوای دوعا ونزای خێریان لێ بکات کە خوای گەورە یارمەتی بدات وسەرکەوتووی بکات لەم گەشتە پیرۆزەیدا، چونکە دوعای دایك وباوك بۆ ڕۆڵەیان گیرا دەبێت، وە گەردنی خۆیانی پی ئازاد بکات، لەوەی کە پێشتر ڕووی داوە لەنێوانیاندا، یان خوانەخواستە نەوەك دڵیانی عاجز کردبێت ....

**چوارەم :** هەوڵ بدات قەرزاری هەر کەسێکە قەرزەکانیان بداتەوە و ئەمانەت و سپاردەی هەر کەسێکیشی لایە بۆیان بگێڕێتەوە یان ئیزنی ئەوەیان لێ وەربگرێت کە لای بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خۆیان ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕن ....

**پێنجەم :** بۆ خەرجی ئەنجامدانی ئەم حەج وکارە پیرۆزەی هەوڵ بدات لە حەڵاڵترین و خاوێن ترین ماڵ ودارایی خۆی ئەنجامی بدات، کە دوور بێت لەحەرام وگومانی حەرام، چونکە خوای گەورە خۆی پاکە و هەرشتێکیش پاك وخاوێن نەبێت پەروەردگار وەری ناگرێت و پێویستی پێی نیە، هەروەك پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکدا فەرموویەتی : ( إن الله تعالى طيب، لايقبل إلا طيبا .... ) { رواه مسلم } .

وە دیسان وەصیەتی خۆی بۆ ماڵ ومنداڵی بنوسێت و شاهیدییشی لەسەر بگرێت ...

**شەشەم :** تا بۆی دەکرێت هەوڵ بدات لەم سەفەرە پیرۆزەیدا هاوڕێیەتی کەسانێکی باش و ڕۆح سووك بێ گرفت بکات، چونکە هاوڕێیەتی کەسانی باش کاریگەری دەبێت لە هەل ڕەخساندن بۆ زیاتر عیبادەت کردن و ئەنجامدانی نوێژەکان بە کۆمەڵ لە ( حرمی مکي )، چونکە هاوڕێیەتی کەسی باش وەك ئەو کەسە وایە کە بچێتە لای دوکانی عەطر فرۆشێك ئەگەر بۆنی خۆشیشی لێ نەکڕیت خۆ بۆنی خۆشی لێ ئەکەیت، بەپێچەوانەشەوە هاوڕێەتی کەسی خراپیش وەك وەستان لای کەسێك وایە کە کوورەی ئاسن توانەوەی هەبێت ئەگەر جلەکانیش نەسوتێنێت ئەوە بێگومان بۆنی ناخۆش ودوکەڵ هەر دێت بەسەرتا، جا تا دەتوانیت هاوڕێیەتی کەسی باش و ڕەوشت جوان بکە لەم سەفەرتدا ...

بەئومێدی ئەوەی إن شاء الله سەفەرێکی پڕ خێر و پڕ بەرەکەت بێت بۆ تەواوی حاجیان و حاجیانی کوردستانی خۆشەویست بەتایبەتی ...

**وصلی الله وسلم علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم**